# ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستنان، پێویستی بە ڕێکخراوبون هەیە!

سامان کەریم
Zaryak@yahoo.com

دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە هەردوو ئیدارەکە وەڵامی ئەم پرسیارە یان ئەم مەسەلەیە بە نێگەتیڤ دەدەنەوە. وەڵامی ئەوان چەند ڕوویەکی سەرەکی لە خۆ دەگرێت. لەلایەك بە بەڵێنو پەیمانی بێناوەرۆكو پووچو هەروەها بە سەرکوتی بێ پەردە، لەلایەکی دیکەوە بە ڕاگرتنی خوێندکارانو لاوانو مامۆستایانو فەرمانبەرانو کرێکارانو ژنان... لە چاوەڕوانیداو لە جارێکی دیگەدا بە چەواشەکاریو سەرلێتێکدان لە ڕێگای دەیان ڕیکخراوی لاوانو خوێندکارنو مامۆستایانو فەرمانبەرانو ژنانی سەر بەخۆیانەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت پێکهاتوونو ئیمکاناتێکی زۆریان بۆ سەرف دەکرێت لە پێناو ئابلوقەدانی ناڕەزایەتیەکانو بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی خەباتکارانەیان و نیشاندانی ئەم ڕیکخراوانە وەك ڕیکخراوی واقعی ئەو چینو توێژانە.

خوێندکارانو لاوانو فەرمانبەرانو کرێکارانو مامۆستایان...خۆیان شاهیدی ئەو ڕاستیەن کە ئەو ڕیکخراوانە جگە لە لەباربردنی ناڕەزایەتیو خەباتی ئەوان کارێکی دیکەیان نەگرتۆتە ئەستۆ. بێ هۆ نیە کە تەواوی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەلك بە هەموو چینو توێژەکانەوە لە دەرەوەی ئەو ڕیکخراوو کۆمەڵەو یەکێتیانە ڕو دەداتو لە بەرانبەر دەسەڵاتداراندا دەوەستنەوە.

ئەگەر سەرنجێك بدەین لە ناڕەزایەتیەکانی ساڵی ڕابوردوو لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانیەوە بگرە تاکو دەگاتە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ڕانیەو کەلارو ئاکرێو کەرکوكو هەڵەبجەو خوێندکارانی کۆیەو چەمچەماڵو کرێکارانی شارەوانی لە دیانەو خۆپیشاندانی مانگی ئازاری ئەمساڵی خەڵکی دهۆك... وەبەتایبەت ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییە، دەبینین کە ئاستێك لە ڕیکخراوبونی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە پێشو لەهەمانکاتدا دەیان هەڵسوڕاو ڕابەری تازەو خوێن گەرمی محەلی هێناوەتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە و لەئاستی قەزاو ناحیەو یان چەند گەرەکێکی شارێکدا وەك خەمخۆرو تەنانەت نوێنەری ئەو جێگایانە ناساندونیو لە ئاستێکیشدا شێوەی جۆراوجۆی لە خۆڕێکخراوکردنی هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی ئەم ناڕەزایەتیانەی هێناوەتە ئاراوە ، ئەمە جگە لەوەی کە ناڕەزایەتیەکان بە دەوری ژمارەیەك لە خواستو داواکاری ڕۆشندا هاتونەتە مەیدان. بەڵام ناڕەزایەتیەکان تا ئێستا لەگەڵ چەند کەموکوڕییەکی سەرەکی بەرەو ڕووبن.

## * زوعفی ناڕەزایەتیەکان !

بەگشتی ناڕەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان کە لەسەروە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد لەگەڵ چەند کەموکوڕییەکی سەرەکیدا بەرەو ڕووبن. هەوڵدەدەم گرینگترین ئەو زوعفانە لە چوار تەوەرەی سەرەکیدا کۆبکەمەوەو پاشان یەك بەیەك بە شێوەیەکی ڕۆشنترو هەمەلایەنەتر باسیان لەسەر دەکەین. یەکەم/ نەبونی ڕیکخراوەی جەماوەری چ لە ئاستی محەلی یان لە ئاستی سەراسەری کوردستاندا(مەبەست لەم خاڵە دابینکردنی ڕابەریەکی یەکگرتوو ڕیکخراوە بۆ ناڕەزایەتیەکان). دووەم/ لە ئاستی محەلیدا دەچێتە پێشەوەو سەراسەری نیەیە. سێهەم/ دروشمو داواکارییەکان ئەگەرچی ڕۆشننو لە واقعیدا یەکن بەڵام لە شێوەی محەلیو پەرتو بڵاودا دێنە ئاراوە. چوارەم/ ئاسۆی سیاسی ناڕەزایەتیەکان ڕۆشن نیەیە(مەبەست لەم خاڵە دیاریکردنی ئاراستەی سیاسی ناڕەزایەتیەکانە بەرەو کەناڵی گونجاو دروستی خۆی کە بخوات بە خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستان).

## *دابینکردنی ڕابەری سەراسەری بۆ ناڕەزایەتیەکان

سەرکەوتنو بەئاکام گەیاندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خوێندکاران، لاوان، مامۆستایان، پیشەوەران، کرێکاران... خەڵکی قەزا، ناحیە یان شارێك بەبێ بوونی ڕابەرییەکی یەکدەستو یەکگرتوو وەخاوەن ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن مەیسەر نابێت. سەرنجێکی کورت بەسە بۆ ئەوەی کە درك بکرێت زوعفی سەرەکی ناڕەزایەتیەکانی ساڵی ڕابوردوو ئەمساڵیش نەبونی ڕیکخراوەیە، یان بە مانایەکی دیکە نەبوونی ڕابەرییەکی یەکدەستو هاوئاهەنگە، کە ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەکەی لا ڕۆشنەو دەزانێت چۆن ئاراستەی بکات. خوێندکاران ولاوان یان مامۆستایانو فەرمانبەرانو کرێکاران لە سلێمانی لە هەولێر لە دیانە، یان خەلکی ڕانیەو هەڵەبجەو کەلارو دهۆكو کەرکوكو ئاکری هیچ کامیان خاوەنی ڕیکخراوی خۆیان نەبوون، ئەگەرچی ئێمە لەئاستێکی کەم وە نزمدا لە کەلارو ڕانیە شاهیدی ئاستێك لە ڕیکخراوبون هەین، بەڵام هێشتا زۆر دورە لە بونی ڕێکخراوەیەك کە جەماوەری ئەو شوێنانە خۆیان پێبناسنەوەو بەبەشێك لە خۆیانی بزانن. بەڵام سەرەڕای ئەم کەموکوڕیە گەورەیە لە تەواوی ناڕەزایەتیەکاندا ئێمە شاهیدی دەرکەوتنو هاتنەمەیدانی ژمارەیەکی بەرچاوی

ڕابەرانی محەلی هەین لەو شوێنانەدا. کە سیمای سەرەکی ئەم ڕابەریەتیە، تازەکاری‌و تاڕادەیەکی زۆر بیٚ تەجروبەییە. بەڵام لەهەمانکاتدا ڕابەرانێکی تازەو خوێن گەرم‌و تیژ لەسەر خواست‌و داواکارییەکان، چەپ‌و ئازادیخواز لەڕووی بیرکردنەوەوە. کە پێویستە لەلایەن خەڵکی ئەو شوێنانەوە پشتیان پیٚ ببەسترێت.

بونی ئەم بەشە پێشڕەو رادیکاڵەو چەپە لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتیەکاندا، بەوە گەیشتوە کە خۆیان لە شێوەی جۆاوجۆری وەك دەستەکانی داکۆکی‌و گروپ‌و تۆڕی ڕابەری شێوە جیوازادا ڕیکخراوبکەن. ئەمە سەرەتایەکی پۆزیتیڤە بۆ ڕیکخراوکردنی ناڕەزایەتیەکان وهەروەها بۆپێکهێنانی ڕیکخراوەوی جەماوەری‌و دابینکردنی ڕابەری محەلی‌و سەراسەری هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری. لە ئێستادا خاڵی گرینگ کۆبونەوەو یەکگرتووبونی ئەم ڕیزەیە لە ڕابەران‌و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکان، کەخۆیان لە دەستەکان‌و شێوەی تری جیاوازدا ڕیکخراون‌و پێویستە لە ئاستی سەراسەریدا شێوەیەکی گونجاو لە ڕیکخراوبون بدەن بەخۆیان، لە ئاستی کوردستاندا یان تەنانەت دەکریت لە سەرەتاوە لە ئاستی هەر پاریزگایەکدا بێت. دیارە هەنگاوێکی لەم چەشنە نەك ڕیگر نیە بۆنمونە لە بەردەم پێکهێنانی ڕیکخراوەیەکی خویندکاران یان لاوان یان مامۆستایان یان ڕیکخراوەیەکی محەلی لە ئاستی قەزا یان ناحیەیەکدا، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆیبەهێز بونی گشت بزوتنەوەکەو بە قازانجی دابینکردنی ڕابەرییەکی سەراسەری تەواو دەبێت.

## *سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان

بەپیٚی حوکمی گشتی‌و قاعیدە کاتیك ڕابەری ناڕەزایەتیەکان ڕابەرییەکی سەراسەری نیٚیە، ئەوکات ناڕەزایەتیەکانیش بەشێوەی پەرت‌و بلاو محەلی دەچنە پێشەوەو ڕودەدەن. بەڵام کاتیك سەرنج دەدەینە ناڕەزایەتیەکانی ساڵی ڕابوردوو وە ئەوانەی کە لە ئەمساڵیشدا ڕویان داوە، ئەوکات دەبینین کە زۆرەبەی زۆری ناڕەزایەتیەکان لەشارو قەزاکاندا هەمان ناوەڕۆك‌و داواکارییان هەبوە، وەك ناڕەزایەتیەکانی کەلار، ڕانیە، کەرکوك، هەلەبجە...بەلام هەرکامیان بەجیاو بەبیٚ ئاگاداری لەیەکتری ڕودەدەن‌و تەنانەت ماوەیەکی زۆریش هەیە لەنێوان هەریەکەیاندا. ئەم دیاردەیە پێش هەر شتێك محەلی بوون‌و پەرت‌و بلاوی ناڕەزایەتیەکان دەردەخات.

سەرەتای سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان لە ڕیگای دابینکردنی ڕابەریەکی سەراسەری‌و یەکگرتوو ئاسۆ ڕۆشنەوە مەیسەر دەبێت. کە لەسەروە ئاماژەمان پیدا. بۆ ئەوەی ئەم ڕابەرە سەراسەرییە مەیسەر بێت هەر ئەوەندە کافیٚنیٚیە بەشێوەیەکی میکانیکی ڕابەرانی محەلی شوێنە جیاجیاکان کۆبکرێنەوەو لە شێوەیەکی ڕیکخراوەیدا خۆیان ڕیکخراو بکەن، بەڵکو ئەم هەنگاوە سیاسیە پێویستی بەوە هەیە کە ئەم ڕابەرو هەڵسوڕاوانەی ناڕەزایەتیەکان بەدەوری نەخشەیەکی سەراسەری ڕۆشن دا یەکگرتوو ڕیکخراوبن. نەخشەیەك کە رووی لەوەیە تەواوی خواست‌و دواکارییەکانی خەڵکی کوردستان‌و بەشە جۆراو جۆرەکانی لە خویندکارو لاوەوە بگرە تاکو دەگاتە مامۆستایان‌و فەرمانبەران‌و کریکاران‌و ... لە شێوەی نەخشە کارێکی ڕۆشن‌و سەراسەریدا بهێنێتە دەرەوەو فۆرمۆلەی بکات، کە بتوانێت ناڕەزایەتی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بەرەو ئاراستەیەك بەرێت کە ئامانجی ناڕەزایەتیەکان لەباری کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و داواکارییە فەورییەکانەوە بەشێوەیەکی ڕۆشن دیاری بکات‌و شێوەی ڕابەریکردن‌و ڕیکخراوبون‌و میکانیزمی بردنە پێشەوەیان‌و پەیوەندی نێوان ڕیکخراوە جیاوازو جۆراجۆرەکانی خویندکاران‌و لاوان‌و مامۆستایان( کە پیکهاتن)... هەم بەیەکەوە وە هەم لەگەل ڕابەری سەراسەریدا ڕیکخراو بکات‌و ڕۆشنی بکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر ڕیکخراوەیەکی خویندکاران یان مامۆستایان پێکهات پەیوەندی چۆن دەبیت لەگەل ڕیکخراوەی سەراسەریدا یان لەگەل ڕابەری سەراسەریدا. وە لەهەمان کاتدا پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت بەپیٚی بوونی چەند ڕیکخراو دەکرێت نوێنەرانی هەڵبژێردراویڕیکخراوەکان جیگای ڕابەری کاتی بگرنەوە. واتە بەپیٚیٚ هەلومەرجیٚی ناڕەزایەتیەکانی ئێستای کوردستان ڕابەران‌و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکان ناچارین کە لەسەرەتاوە ڕابەریەکی کاتی بۆ ئەم کارە مەیسەر بکەن کە کارەکەی ئەوەبێت بزوتنەوەی نارەزایەتی‌و پێشکەوتوخوازی کوردستان بگەیەنێتە ئاست ڕیکخراویکی سەراسەری‌و یەکگرتوو خاوەن ڕابەرییەکی ئاسۆ ڕۆشن‌و یەکگرتوو.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە بەهەمان شێوە دەبینین کە ناڕەزایەتی توێژێك بەهەمان شێوە پەرت‌و بلاو دور لەیەك ڕوو دەدەن. لەمبارەوە نمونەی ناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران گەلێك بەرچاوە. ناڕەزایەتی خویندکارانی زانکۆی هەولیر، زانکۆی سلێمانی‌و زانکۆی کۆیە یان خویندکارانی هەڵەبجە لەهەولیر یان خویندکارانی چەمچەماڵ لە سلێمانی، کە زۆربەی زۆری ئەم ناڕەزایەتیانە هەمان خواستیان هەیە یان خواستەکانیان زۆر نزیکن لەیەکەوە، بەڵام دەبینین کە پەرت‌و بلاوون وتەنانەت لە هەندیٚ جیگدا دەبینین کە خویندکاران ڕازی نابن بەوەی نوێنەریان هەبیت واتا ڕازی نابن بەوەی کە ڕابەری بۆخۆیان دیاریبکەن یان هەڵبژێرن وەك لە ناڕەزایەتی خویندکارانی چەمچەمال لە سلێمانی بینیمان. هەروەها پەیوەندییەکی خەباتکارانەو ڕیکخراو لەنیوان بەشی پێشڕەوو هەڵسوراوانی ناڕەزایەتیەکانی زانکۆکاندا نابینین، ئەگەر

چی بێگومان له نیوان خویندکاراندا هەر بەوپێیەی کە خۆپیشاندانەکان شێوەیەکی سەرەتایی لە ڕیکخراوبونی لە خۆ گرتوە، دەکریت ئیمە شاهیدی ئاستێکی ئەگەرچی نزم بێت لە خۆ ریکخراوکردنی ئەم بەشە پێشڕەوە هەین. مەسەلەی سەرەکی لیرەدا ئەوەیە کە بەشی پێشڕەو پێشکەوتوخوازی هەڵسوراوانی نێو خویندکاران لە شارەکانی سلێمانیو دهۆکو هەولیرو کۆیەو .... لەسەرتاوە خۆیان یەکگرتوو ڕیکخراوبکەن بەدەوری ڕیکخراویکی خویندکاراندا( دەکرێت ناوی لیژنەی دامەزرینەری کاتی یان نەر ناوێکی دیکە بێت) کە بتوانێت ئامانجو خواستەکانیان بۆ دابین بکات. تەنانەت دەکرێت لەسەرەتاوە لە زانکۆیەك لە زانکۆکانەوە دەست پێبکرێت پاشان پەل بهاویَ بۆ زانکۆکانی تر. ئەم حەرەکەتە نەك لەگەل حەرەکەتەکەی کە لەسەروە ئاماژەمان پیکرد بۆ پیکهێنانی ریکخراوەیەکی سەراسەری خەلکی کوردستان ناتەبا نیە بەڵکو هۆکارێکی گەلێك یارمەتیدەرە لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەو زەمینەیەکی کۆمەلایەتی بەهیزتری بۆ ئامادەکات.

بەم پێیەو کە گەیشتنیە بارێ:ی بابەتی لەم چەشنە، ئەوکات لەباری پراتیکیەوە دەکرێت نەشخەی سەراسەریکردنەوەیه خواستو داواکارییەکانو دروشمەکانو شێوەی بەڕیوەبردنی ناڕەزایەتیەکان بەشێوەیەکی فراوانتر بەرینە پێشەوە. ئەگەرچی لەسەرەتاوە مەج نیە ئەو حالەتە تەواوی کوردستان بگرێەوە، یان بلێن بۆ نمونە تەواوی زانکۆکان بگرێتەوە. ئەم حالەتە فراوانە جەماوەرییە پەیوەندی هەیە بەپەل هاویشتنی ڕیکخراوە سەراسەریەکەوە لە نیو جەماوەردا، ڕیکخراوی خویندکاران لە نیو خوێندکاراندا...

## *ئاسۆی سیاسی ناڕەزایەتیەکان( ئامانجی سیاسی )

ئەم باسە گرینگیەکی هێجگار حەیاتی هەیە بۆ سەرخستنو یەکگرتوو کردنی ناڕەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان. بەلاَم مەبەست لەم خالە چیە؟! ئایا مەسەلەکە ئەوەیە دەبیت هەموو ناڕەزایەتیەك سیاسی بکرێتەوە، یان هەموو ناڕەزایەتیەك سیاسییە؟ یان بەبێ بوونی ئاسۆو ئامانجێکی سیاسی ڕۆشن ناڕەزایتیەکان ناکرێن یان ناگەنە ئەنجامی خوازراو؟. تەوەرەی سەرەکی باسەکە ئەوەیە کە لە ئەمرۆی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستاندا، لەکاتێکدا کە تا ئێستا میلیشیا فەرمانڕەوایەو کۆنترۆلی تەواوی کەناڵو ڕیرەوەکانی ژیانی کردوە. دەستورو یاسایەك کە بەڕێوە دەچێت، دەستورو یاسایەکی میلیشیاییە بۆیە بەبروای من هەر مەسەلەیەك کە نارەزایەتی بەرانبەر دەکرێت ڕاستەوخۆ دەگۆرێت بۆ مەسەلەیەکی سیاسی. ئەگەرچی خواستو داوکارییەك کە دەخوازریتو بەرزدەکرێتەوە، لەوانەیە هیچ هێماو نیشانەیەکی سیاسیان پێوەنەبیَ، بۆنمونە قیرتاوکردنی شەقامەکان یان دابینکردنی کارەبا... ئەم خواستانە خواستێکن کە دەچنە خانەی خواستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیە مەدەنیەکانەوە یان خواستی زیادکردنی موچە بەتەواوی خواستێکی ئابورییە، بەلام لە ناوچەیەکدا کە تەنها دەسەلاتێك هەبیت دەسەلاتی ئەحزابی سیاسیەو یاساو دەستورەکانی بەتەواوی یاساو ڕێسایەك بن کەلە لە خزمەت بالادەستی حزبی دەسەلاتداردا نوسرابنو کاریان پێبکرێت ئەوکات هەر خواستو داوایەك کە لەبەرژەوەندی خەڵکدا بێت ڕاستەوخۆ زەرەبە لە بەرژەوەندی حزبی دەسەلاتدار دەدات. بۆیە هەموو خواستەکان بمانەوێت یان نا ئەوا سیاسی دەبنەوەو ئیمەیجێکی سیاسی وەردەگرن. زیادکردنی مووچە لە وولاتیکی نورماڵدا کە خاوەنی دەستورو یاسای مەدەنی بێت وە حالەتێکی ئاسایی وەردەگیرێتو لەسایەی سەندیکاو یەکێتیەکانەوە یان لەڕیگای نوێنەرانی کرێکارانەوە وتوویژ لەگەل خاوەن کار جا دەوڵەتی بیت یان تایبەتی دەکرێتو دەگەنە ئەنجامێك، بەبێ ئەوەی هەرایەی گەورە دروست ببێت. بەلاَم لەکوردستان خواستی زیادکردنی موچە ئەگەر بێتە دی زەربەیەکی گەورەیە لە فەسادو فەرهودێك کەلایەن حزبە دسەلاتدارەکانەوە دەکرێتو بەشی ئەوان لە بردنو لوشدانی سەرەوەتی کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە بۆیە ڕاستەوخۆ ئەوان بە ڕوبەڕو بونەوەی دەبینن لەگەل دەسەلاتداریێتی خۆیانداو بەم پێیەش دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی. یان خواستی گۆرینی سیستەمی خویندن بە سیستەمێکی موتەمەدنو پێشکەوتو کە خورافاتی ئاینیو نەتەوەپەرستی تێدا نەبێت، ئەمە خواستێکە لە وولاتیکی موتەمەندا ڕاستەوخۆ دەبێتە کارێکی ئەکادمیكو دەدرێتە لێژنەیەکی ئەکادیمی پسپۆرو بە شێوەیەکی ڕۆتین دەچێتە پێشەوە بەلام لەکوردستاندا، ئەم خواستە دەبێتە دژایەتی وەستان لەگەلَ فەرهەنگو کلتورو عاداتو ڕۆشنبیری ئەحزابی دەسەلاتدارو بەم پێیەش لەم خواستەدا زەعیف بونو هاتنە خوارەوەی ئۆتۆریتەی سیاسی خۆی دەبینیت....

پاش ئەم ڕۆشنکردنەوە کورتە، کە دەکریت زیاتر لەلایەنە جۆاوجۆرەکانی بکۆلینەوەو باسیان لەسەر بکەین، تەوەرەی سەرەکی ناڕەزایەتیەکانی ئێستای کوردستان، هەر لە پێشەوە ( بەبێ ئەوەی ڕاگەینرابێت) چوارچیوەو تابلۆی سیاسیو دەسەلاتداریێتی ناسیونالیزمی کوردی بۆ قبوڵەو پێی وایە دەکرێت لەو چوارچێوەیەدا ریفۆرمێکی سیاسی ڕیشەیی بکریتو هەلومەرجی ژیانو گوزەران و ئاستی ئازادییە سیاسیەکان لەسایەی ئەودا دەستەبەر دەکرێت! ئەم ئاسۆ سیاسیە جگە لە خۆش باوەری هیچی دیکە ناگەیەنێت. چونکە لەوانەیە دەسەلات جا دەسەلاتی ملیبشایی یان دکتاتۆری بێت لە ژێر زەختو زۆری ناڕەزایەتی جەماوەریدا پاشەکشەیەك بکاتو

هەندی خواست جێبەجێبکات بەلام ئەوە ریفۆرمی سیاسی-کۆمەلایەتی نیە، کە ببێتە مەبنایەکی جیگیرو سەقامگیری کۆمەلایەتی کە لایەنی کەم بۆ دەیەیەك خەلك لەسایەیدا پیشوو بدەن و گرنتی ئەوەیان هەبێت کە "دەوڵەت" پاشەکشەی لێناکات یان ناتوانێت پاشەکشەی لێ بکات. بەڵکو ئەوە ناڕەزایەتی و دەنگی "نا" ی ئامادەی سەر شەقام و گەرەگ و زانکۆو کارگەکانە کە وا دەکات دەسەلات پاشەکشەیەکی کاتی بکات و بە کۆمەلێك پەیمان و بەلێن دەیەوێت کۆتایی بە ناڕەزایەتی خەڵك بهێنێت و تەنانەت تا ئێستا ئەم دەسەڵاتە لەبەرانبەر خەباتی خەڵکی کوردستاندا تەنها 2 یاسایان هێناوە سەبارەت بەمەسەلەی ژنان کە پۆخۆیان گالتەی پێدەکەن. بەڵام لایەنێکی تری مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم ناڕەزایەتیانە و ئامانجە سیاسیەکەی دەبێت چ ئیمەیجێکی سیاسی بۆ خۆی دیاری بکات؟! لە دوتوێی قەتیس مان و مانەوەی کوردستان لە چوارچیوەی ئێستای جوگرافیای سیاسی عێراقدا کە بەستراوەتەوە بەزنجیرێکی کۆنەپەرستی دەستوری، ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان ناتوانێت هەنگاوی پتەو ڕوو لە ئایندەیەکی گەش بنێت. تەوەرەی سەرەکی ئەوەیە کە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان پێویستە ڕووی لەوە بێت کە کوردستان پێویستە وە دەبیت جیابێتەوەو ولاتیکی سەربەخۆی تیدا دروست بکرێت. دەوڵەتێکی نوێ لە ڕووی ڕیز گرتن لە حورمەت و کەرامەتی ئینسانەوە، تا دەگاتە د\ابینکردنی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکان و تاجیایی دین لە هەموو کاروباریکی دەوڵەت و خویندن و پەروەردەو کاروباری ئیداری و مەدەنی و... بەبروای من کەمتر لەم ئاسۆو ئامانجە، کە زۆر ڕۆشن دیارە لەگەڵ ئاسۆو ئامانجی ناسیونالیزمی کورددا لەبەرانبەر بەیەك وەستاونز بەبێ بوونی ئاسۆو ئامانجێکی لەم چەشنە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەلکی کوردستان ناتوانێت بگات بە ئەنجامێك کە خۆی دەیەوێت و کە بەگشتی لە ناوەڕۆکی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا لەماوەی یەك ساڵی ڕابوردودا خۆی نیشان داوە، کە ئامانج و خواسیتکی ئینسانی و پێشکەوتوخوازە. بەڵام ئایا ئەم ئاسۆو ئامانجە پێویستە لە هەموو ناڕەزایەتیەکدا بەرزبکرێتەوەو بکرێتە دروشم و هاواری بۆ بکرێت؟! نا، مەسەلەکە ئەوەنیە. لە بناغەوە ڕیکەوتن و یەکگرتوبونی ڕابەرییەکە کە لەسە نەخشەیەکی سیاسی ڕیکەوتون بۆ دەرکێشانی خەڵکی کوردستان لە کۆسپ و تەنگژنەکانی بەردەمی. وە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تەواوی نارەزایەتیەکان لە ناڕەزایەتی گەرکێکەوە بگرە تا دەگاتە ناڕەزایەتی خوێندکارانی زانکۆو فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران رێکخراو دەکات لە چوارچێوەی خواست و ویستێکدا کە خۆیان هەیانەو هێز هاوسەنگی ڕیگایان پێدەدات کە بەشێوەیەك لە شێوەکانی ناڕەزایەتی خۆیان نمایش بکەن. لەهەمانکاتدا ڕۆژانە خەریکی یەکگرتوو کردن و ڕیکخراوکردنی جەماوەری بەرینی کوردستانن بەدەوری هیواو ئامانجێك کە باوەڕییان پێی هەیەو بەدەوریدا یەکگرتوو ڕیکخراوبون. کەواتە هەم بەرزبونەوەی 50000پەنجا هەزار لەموچەی فەرمانبەران زۆر گرینگە بۆ ئەم ڕابەرییە سەراسەری و محەلیانە، وەهەم ئەوەیان بۆ ڕۆشنە کە ئەم بەرزبونەوەیە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت و وەردەگیرێتەوە ئەگەر بێتوو لە کورەی خەباتێکی سیاسیدا خەریکی ئەوە نەبن کە ئەلتەرناتڤی سیاسی خۆیان دامەزرێنن.

لێرەدا کۆتایی بەم وتارە دەهێنم کەدیارە لەمبارەوە ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان و توێژە جیاوازەکان پێویستی بەچەندین وتاری جۆراوجۆر هەیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەموو لایەنەکانی. من بەدەوری خۆم هەوڵ دەدەم کە لەسەر لایەنە جیاوزاەکانی ئەم باسە بنوسم. بەهیوای ئەوەی کە هاوڕیانی دیکە چ لە نێو حزب چ لەئاستی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکاندا لەمبارەوە درێغی نەکەن. بەتایبەت باسەکانی وەك کاری قانونی و مەسەلەی کاری قانونی لەکوردستاندا، چۆنیەتی بەهیزکردنی کۆمۆنیزم لەدڵی ئەم بزوتنەوەیەدا، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبەرانبەر ئەم بزوتنەوەیەداو ئەرکی کادران و کۆمیتە حزبیەکانی ، ڕیکخستنی ڕابەران و هەڵسوڕاوان لە شکل و شێوەی جیاوازی ڕیکخراوبنی حزبی و غەیرە حزبیداو چۆنیەتی شکل گرتنی ڕیگخراوە جەماوەرییەکان.... کۆمەڵە باسێکی گرینگن کە لەمبارەوە پێویستن.